## یاسای نێو دەولەتی بۆ جمانستیکی هونەری:

## بەشی یەکەم: مەبەست و ئاما نجی یاسای هەڵسەنگاندن:

**برگەی ١: مەبەستی سەرەکی لە کۆدی خاڵەکان ویاسای هەڵسەنگاندن بۆ ئەوەی:**

١. تەرخانکردنی ئامارازێکی بابەتانە بۆ هەڵسەنگاندی راهێنانەکانی جمناستك لەسەر هەموو ئاستەکانی پاڵەوانێتیەکانی هەرێمی و نیشتمانی و جیهانی.
٢. یەکبوونی ناوبژیوانی بۆ هەر چوار قۆناغەکانی پاڵەوانێتیەکانی فەرمیی یەکێتی نێو دەولەتی جمناستك ( FIG ): شایاندن ( تأهیل ) ، گشتی تیم، گشتی تاك ، ئامێرەکان تاك.
٣. دلنیا بوون لە دیاری کردنی باشترین یاریزان لە هەر پالەوانێتیەك.
٤. ئاراستە کردنی راهێنەرەکان و یاریزانەکانی لە پێکهاتەکانی راهێنانەکانی پێشبرکێ.
٥. رەخساندنی زانیاریەکان سەبارەت سەرچاوە زانیاریەکانی تەکنیکی و رێکخستن کە بە شێوەیکی بەردەوام پێویست دەبێت لە پاڵەوانێتیەکان لە لایەن ناوبژیوانەکان و راهێنەرکان و یاریزانەکانی جمناستك.

## بەشی دووەم: زانیاری بۆ یاریزانەکان و راهێنەرەکان و ناوبژیوانەکان:

**برگەی ٢: ماف و ئەرکەکانی یاریزان:**

**( ١ ) مافەکانی یاریزان:**

**أ. دەبێت راهێنانەکەی بە شێوەیەکی دروست هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت بە پێی مەرجەکانی یاسای نێو دەوڵەتی.**

**ب. دەبێت ئامێری باوەرپێکراو بۆی ئامادە بکرێت هاویەك بێت لەگەل خاسیەتی یەکێتی نێو دەوڵەتی جمناستیك لە پاڵەوانێتی فەرمی.**

**ج. یارمەتی بدرێت بۆ گەیشتن بۆ باری هەڵواسین لەسەر ئامێری ( حلق ، عقلە ) لە لایەن راهێنەرەکەی یاخود یاریزانێك بۆ دەست پێکردن.**

**د. ئامادە بوونی یارمەتیدەرێك لە تەنیشت ( حلق ، عقلە ).**

**ھ. پێدانی ماوەی ئەو پەری ٣٠ چرکە بۆ بەردەوام بوونی راهێنانەکەی پاش بەربوونی لەسەر ئامێرەکە.**

**و. بەکارهێنانی تۆزی ( پۆدرەی ) مەگنسیوم.**

**ز. گفتوو گۆ بکات لەگەل راهێنەرەکەی لەکاتی ٣٠ چرکەی دیارکاروەکە بۆ بەردەوام بوونی راهێنانەکە و نێوان دوو پازدانەکەی سەر ( ئامێری پازدان ).**

ح. بەکارهێنانی باندج و جل وکەل و پەلی پاراستنی گونجاو.

ی. دەتوانێت گەرمکردنەوە بکات لەماوەی ئەو پەری ٣٠ چرکە لەسەر هەر ئامێرێك پێش دەستپێکردنی بە جێبەجێ کردنی راهێنانەکەی لە پاڵەوانێتیەکە.

ك. بە گلۆپێکی کەسیکی دیاریکراو ئاماژە بکرێت بە تەواو بوونی ٣٠ چرکە بۆ دەستپێکردنی بە راهێنانەکەی.

ل. وەرگرتنی را پۆرتێکی نووسراو سەبارەت دیاریکردنی قورسی کارامەی تازە کەوا یاریزانەکە جێبەجێی دەکات.

م. راهێنانەکانی دووبارە بکاتەوە ئەگەر پچرانی راهێنانەکەی بەهۆکاری دەرەکی بێت دوور لە دەسەڵاتی یاریزان.

ن. داواکەی رەدنەکرێتەوە بۆ چاکردنەوەی بەرزی ئامێری ( عقله، حلق ) بۆ باڵای گونجاوبێت.

س. رازی بوون بە داواکاریەکەی لە سەرۆکی لێژنەی باڵا بۆ جێهێشتنی هۆڵی پاڵەوانێتیەکە بۆ ماوەیەکی کورت بۆ کارێکی تایبەت.

ع. راگەیاندنی دەرئەنجامی یاریزان دەستبەجێ پاش تەواو بوونی جێ بەجێکردنی راهێنانەکەی.

**( ٢ ) ئەرکەکانی یاریزان:**

أ. زانینی یاسای ناوبیژوانی نێو دەوڵەتی بە پێی ئەویش رەفتار بکات.

ب. یاریزان یاخود راهێنەرەکەی داواکاری پێشکەش بکات پێش ٢٤ کاتژمێر بۆ سەرۆکی لێژنەی باڵا بۆ هەڵسەنگاندنی جوولەی تازە.

ج. یاریزان یاخود راهێنەرەکەی داواکاری پێشکەش بکات پێش ٢٤ کاتژمێر بۆ سەرۆکی لێژنەی باڵا بۆ بەرزکردنەوەی ( عقله یان حلق ) بۆ ئەوەی گونجاو بێت لەگەڵ بەژن وباڵای.

د. دەبێت جل و بەرگی گونجاو بێت لەگەڵ ئەم مەرجانە:

- دەبێت هەمان جلی ئەندامانی تیپەکەی لەبەربکات لە رەنگ و هێما لە پاڵەوانێتی تیپەکان.
- دەبێت پانتۆلی درێژ وگۆرەوی لەبەر بکات لەسەر ئامێرەکانی(حصان المقابض، الحلق، المتوازي، العقلة )
- سەربەستە بۆ لەبەرکردنی شۆرت بە گۆرەوی یان بێ گۆرەوی لەسەر ئامێرەکانی( الحركات الأرضية وحصان القفز ).
- دەبێت فانیلەی تایبەت بە جمناستك لەسەر هەموو ئامێرەکان لەبەربکات.
- یاریزان مافی خۆیتی هەڵبژاردنی پێڵاوی تایبەتی جمناستك لەبەربکات.
- یاریزان دەبێت ژمارەی لەبەربکات کە لەلایەن رێکخەری پاڵەوانێتیەکە پێی دراوە.

- دبێت هێمای تایبەت بە وولاتەکەی بخاتە سەر فانیلەکەی بە پێی ڕێنمایی یەکێتی نێودەوڵەتی نوێ.

- دەبێت هێمای تایبەت لەبەربکات بۆ ڕێکلامکردنی ئەو کۆمپانیایەی کە سپۆنسەرە کە ڕێگە پێدراوە بە پێی یاساکانی لیژنەی هونەری.

ه. دەبێت یاریزان خۆی بەشێوەیەکی گونجاو پێشکەش بکات بۆ لیژنەی ناوبژیوان ئەمەش بە بەرزکردنەوەی یەکێك لەدەستەکانی و ئاگاداریان بکات بە دەست پێکردنی ڕاهێنان وپێکهاتەی زنجیرەی جووڵەکانی.

و. دوو پاتی باندج و پاریزەی دەست و هەرکەل و پەلی پاراستن بکات کەوا گونجاو بێت ڕیگر نەبێت بۆ جوانی ئە نجام دانی نمایشەکەی.

ز. دەبێت خۆی بەدوور بخات بە قسە کردن لەگەل ناوبژیوانەکان لەکاتی پێشبرکێ.

ح. دەستکارینەکردنی ئامێرەکان لەکاتی پێشبرکێ.

ی. دوانەکەوتن لە پێشبرکێیەکە، یان سەرکوتن بەسەر سەکۆی پێشبرکێ یان خەراپ بەکارهێنانی مافەکانی یان خەرا پەکردن لەگەل پەشدار بووانی تر.

ك. دوور کەوتن لە هەر ڕەوشتێکی ناگونجاو و نارێك.

ل. بەشداری کردن لە ئاهەنگی دابەشکردنی میدالیا.